# مریشك و هەڵۆ




Ann Nduku
Wiehan de Jager
Agri Afshin

3
کوردی ckb



ڕۆژێک لە ڕۆژان مریشك و هەڵۆ هورێی یەکتری بوون. ئەوان پێکەوە لەگەڵ باڵندەکانی دیکەدا بەدەشتی دەژیان. هیچ کامیان نەیاندەتوانی بفڕن.



چرێکڵێن برسێتی رووی لە وڵات کرد. هەڵۆ دەبێ مەودایەکی دووری بڕێ
بۆ ئەوەی خواردن پەیدا بکات. کاتێک گەڕایەوە زۆر ماندوو بوو، بۆیە
گوتی: “دەبێ ڕێگایەکی ئاسانتر هەبێ بۆ گەشتکردن!”




دوای خەوێکی شەوانەی پێش، مریشك بیرۆکەیەکی ژیرانەی بە مێشکیدا هات. ئەو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پەڕە کەوتووەکانی باڵندەکانی هاوڕێی. مریشك گوتی: “وەرن با ئەو پەڕانە لە پەڕەکانی خۆمان بدروین.” لەوانەیە بەو شێوە گەشتکردن ئاسانتر بێت.



لە گوندەکە دا تەنیا هەڵۆ دەرزی دروومانی هەبوو، بۆیە یەکەم کەس بوو، دەستی بە دروومان کرد. ئەو جووتێک باڵی جوانی بۆ خۆی دووری و بە بەرزی هەورەکان فڕی. مریشك دەرزییەکەی بە قەرز وەرگرت، بەڵام زۆر زوو ماندوو بوو لە دروومانکردن. ئەو دەرزییەکەی لەناو دۆڵابەکە دانا و ڕۆیشت بۆ ئەوەی خواردن بۆ جوجکەکانی لێنێت.



بەڵام باڵندەکانی دیکە دیتیان هەڵۆ بەسەر کێڵگەکەدا دەفڕێ. ئەوان داوایان لە مریشك کرد کە دەرزییەکەیان بە قەرز بداتێ تا ئەوانیش باڵان بۆ خۆیان بدرون. خێرا باڵندەکان لە ژێرئاسمان دەستیان بە فڕین کرد.



کاتێک کەڵەخرییینبڵندە دەرزییە قەرزکراوەکەی گەڕاندەوە، مریشک لەوێ نەبوو. جوجکەکانی دەرزییەکەیان وەرگرتەوە و دەستیان کرد بە دوریکردن پێی. کاتێک ئەوان لە دوریی کردن هندوو بوون دەرزییەکەیان لەناو خیزەکە بەجێهێشت.



دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەڵۆ گەڕایەوە. داوای دەرزییەکەی کردەوە بۆ ئەوەی هەندێك لەپەڵەکانی توووند بکاتەوە کە لە گەشتەکەیدا شل ببوونەوە. مریشکەو دۆڵابەکە گەڕا. ئەو چێشتخانەکەش گەڕا. ئەو حەوشەکەش گەڕا. بەڵام دەرزییەکە لە هیچ شوێنێك دیار نەبوو.



مریشك لە هەڵۆ پاڕایەوە: "تەنیا ڕۆژێك دەرفەتم بدەیە. ئەوکات دەتوانی باڵەکانت چاک بکەیەوە و دووبارە خواردن بەدەست بێنیت." هەڵۆ گوتی: "تەنیا یەك ڕۆژی دیکە. ئەگەر دەرزییەکەت نەدۆزییەوە دەبێ لە جیاتی یەکێك لە جوچکەکانم بدەی."



ڕۆژی دواتر هەڵۆ هاتەوە، بینی مریشکەکە لەناو خیزەکە دەگەڕێ، بەڵام دەرزیەکەی نەدۆزیوەتەوە. بۆیە هەڵۆکە وەک هەورە تریشقە هاتە خوارێ و یەکێک لە جوچکەکانی فڕاند و لە کێڵگەکە دوور کەوتەوە. ئیتر لەوکاتەوە هەڵۆکە دەیبینی کە مریشکەکە خەریکی لێکدانی خیزەکەیە بۆ دۆزینەوەی دەرزییەکە.



کاتێ سێبەری باڵەکانی هەڵۆ لەسەر زەوی دەبینرێ، مریشک جوجەڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە: “لەو دەشتە دوور کەونەوە”، ئەوانیش دەڵێن: “ئێمە گەمژە نین و هەڵدێین.”

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## مریشك و هەڵۆ

Ann Nduku
Wiehan de Jager
Agri Afshin

CC BY